Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2024
Vol. X, No. 2, Series 18

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۳
سال ۱۰، شمارهٔ ۲، پیاپی ۱۸

# ڕەخنە و شیکردنەوەی تەسەوفناسی لە کتێبی *ئاغا و شێخ و دەوڵەت*ـی برونسندا

بوشرا قادر کاکەمحەمەد کەسنەزانی[1]

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگری: ۱۶ی ڕەشەمەی ۱۴۰۲، کاتی پەژیران: ۲ی پووشپەڕی ۱۴۰۳، لل. ۲۵۰-۲۲۷
DOI: 10.22034/JOKL.2024.140876.1365

**کورتە**

توێژەرە ڕۆژاواییەکان ساڵانێکە لە سەر مێژوو، زمان، کلتوور، ئایین و تەسەوفی کوردان بە مەرامی تایبەت توێژینەوە ئەکەن؛ کاتێک بەرهەمەکانیان بۆ کوردی وەردەگێڕێن، توێژەرە کوردەکان وەک دەقی پیرۆز لێیان دەڕوانن. کتێبی *ئاغا و شێخ و دەوڵەت* لە نووسینی برۆنسن یەک لەوانە. ئەم بەرهەمە کتێبێکی گرینگی کوردناسییە کە توێژەرانی کورد وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی پشتی پێدەبەستن. پاژی چوارەمی کتێبەکە تەرخان بە تەریقەت و تەسەوف کراوە کە خۆی لقێکە لە زانستی ئیسلامناسی و ئیلاهیاتناسی. ئەم بەشە پێویستی بە شیکرنەوەیە. نووسەر لە بری کاری زانستی و مەیدانی لە تەکیە و خانەقاکانی کوردستاندا و چوونەوە سەر سەرچاوە و بەرهەمی عارفەکان، تەنیا چەند نموونەیەکی کەمی وەرگرتووە و گشتاندوویەتی و بە پشتبەستن بە قسەی کەسانی نەناس و سەرچاوەی نادیار، ئەم پاژە وەک ڕاپۆرتنووسین لە ناو توێژینەوە کۆمەڵناسییەکەیدا جێدەکاتەوە؛ جگە لەمانە لە میانەی ڕوانینەکەیدا تووشی هەڵەی زانستی و لانگیری نووسین و خەوشی گشتاندن بۆتەوە. ئەمەش لەو دیدەوەیە کە ڕاستەوخۆ لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بێ زانیاری تەواو و دروست لە سەر تەسەوف و بە پشتبەستن بە سەرچاوەی دیکەی ڕۆژئاواییەکانی پێش خۆی توێژینەوەکەی ئەنجام داوە، ئەمەش وای کردووە لە بەهای زانستی و مێژوویی و متمانە و ئەمانەتی زانستیدا پشت بەو زانیارییانە نەبەسترێت.

***وشەگەلی سەرەکی:*** تەریقەت، ڕۆژهەڵاتناسەکان، تەسەوفناسی، برونسن، ڕەخنە

**چکیده**

پژوهشگران غربی سال‌ها است که بر تاریخ، زبان، فرهنگ، دین و عرفان کردها را برای اهداف خاص تحقیق می‌کنند؛ وقتی که آثارشان به کردی ترجمه می‌شود، پژوهشگران کرد به آنها بسان متون مقدس نگاه می‌کنند. کتاب *آغا، شیخ و دولت* نوشتهٔ وان مارتن برونسن یکی از آنها است. این اثر یکی از کتابهای بسیار گرانمایه در حوزهٔ کردشناسی است که تا پژوهشگران کرد به عنوان مرجع از آن استفاده می‌کنند. فصل چهارم این کتاب اختصاص به بررسی طریقت و عرفان دارد که خود شاخه‌ای از اسلامشناسی و الهیات است. این فصل به تحلیل و تدقیق نیاز دارد. نگارنده به جای کار علمی و نیز میدانی در تکیه‌ها و خانقاه‌های کردستان و رجوع به منابع اصلی شیوخ و عرفای کُرد، فقط به چند نمونه بسنده کرده و آنرا تعمیم داده است و با تکیه بر سخنان افراد ناشناس و منابع نامشخص این فصل را مثل گزارش در یک پروژهٔ جامعه‌شناسی جای داده است؛ افزون بر این، در نگرش خود هم دچار اشتباهات علمی و سوگیری و نیز خطای تعمیم شده است. این هم از منظری است که مستقیماً تحقیقات خودش را از نظر جامعه‌شناسی و بدون اطلاعات کامل و درست از عرفان با تکیه بر منابع ناموثق مستشرقان پیش از خود، تحقیق خود را انجام داده است که البته سبب کاهش اعتبار علمی و تاریخی این کار شده است.

***واژگان کلیدی:*** طریقت، شرق شناسان، عرفانشناسی، برونسن، نقد

[1] . پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق. bushra.kaka@univsul.edu.iq

## ۱- پێشەکی

### ۱-۱- ناساندنی کتێبەکە

کتێبی *ئاغا و شێخ و دەوڵەت* لە نووسینی «مارتن ڤان برونسن»ـە. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی دروستبوونی بزوتنەوە نیشتمانی و ڕاپەڕینەکانی کورد لە چوار پارچەی کوردستاندا، بەڵام بەشێکی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ نیشاندانی شێخ و بنەماڵەی شێخان و ڕێبازە سۆفیگەرەکان؛ بەلای ئێمەوە ئەم بەشەی جێگەی تێڕامان و تێبینییە، چونکە دواتر بۆتە بنەوانی کاری زۆر توێژەری تر کە کتومت باسەکانی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند کردووە. ئەم بەرهەمە نەک تەنیا لە بواری مێژوو، ئایینناسی، سیاسەت و کۆمەڵناسیدا، بەڵکو لە بواری ئەدەبیاتی تەسەوفیشدا بۆتە لەمپەر و کێشە لەبەردەم تێگەیشتن لە خودی تەسەوفی کوردانەیشدا پێکدێنێ. کتێبێکە کە بڕیاری پێشوەختەی نادروست سەبارەت بەو دامەزراوە ڕۆحییە لە زەینی توێژەراندا ئەچەسپێنێ. توێژەرانی کورد بێ بیرکردنەوە، بێ ئەوەی تەماشای ئەوە بکەن ئەوان خۆیان لەو جوگرافیایەدا دەژین کە سۆفیگەری کوردی تێدایە، ڕاستەوخۆ بەرهەمی دوورەدەستی ئەوانی تر وەردەگرن و توێژینەوەکانی خۆیانی پێ بونیاد دەنێنن؛ کورد لە مێژە وتویەتی خاکی دوور کیمیایە.

چونکە ماوەی ساڵانێکی زۆرە لە هەندیک بەشی زانکۆکاندا وەک پرۆگرام ئەم کتێبە بە وانە دەوترێتەوە، لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە خەوشەکانی میتۆدی لێکۆڵینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوە و پێشینەی مەعریفیی سەبارەت بە سۆفیزم و تەسەوف بە گشتی و تەسەوفی ناو کوردەکان بە تایبەتی بدۆزرێتەوە. پێویستە ڕاستکردنەوە بۆ ئەو بۆچوون و تێڕوانینانە بکرێت کە ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە هەر یەک لە لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردی هەیانە کە ئەم توێژینەوە بەشی تەسەوفناسی و دۆخە ڕۆحانییەکەی لە ئەستۆیە.

کارەکەی برونسن لەو جێیەوە دەست پێدەکات، کە وەک زۆرێک لە گەڕیدەکانی تر، سروشتی دڵڕفێنی کوردستان و میواندۆستی کوردەکان (بە تێڕوانینی ئەوان ئەمە جۆرێک لە سادەیی و ساویلەکەییە، نەک سروشتی بێخەوشی ڕۆژهەڵاتیانە)، سەرنجی ڕادەکێشن و بڕیار دەدات پسپۆڕییەکەی لە بواری زانستی فیزیاوە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵناسی و خولیای کارکردن و تێگەیشتن لە کورد دەکەوێتە سەری. بۆیە زەمالەیەکی خوێندن وەردەگرێت و بۆ ماوەی دوو ساڵ (۱۹۷۴-۱۹۷٦) لە پارچەکانی کوردستان بە زۆریش کوردستانی تورکیا دەمێنێتەوە و توێژینەوەکەی دەنووسێت.

تێڕوانینی برونسن وەک هەر ڕۆژئاواییەکی تر بۆ بابەتی کوردناسی، لەو دیدەوەیە کە نەتەوەی کورد هێشتا کەرەستەیەکی خاو و کەمدەستبۆبراوە، دەتوانرێت مێژووی کورد و نەتەوەی کورد، وەک نموونە تاقیکردنەوەی لە سەر بکرێت و یەک بەیەکی تیۆرەکانی خۆیانی پێ پراکتیک بکەن:

بوومە عەوداڵیکی ئەو تێوریانەی خەریکی دۆزینەوەی تاڵی پێوەندیی نێوان ڕاپەڕینی جوتێران و بزووتنەوەی عیساییانە و خەباتی نەتەوایەتی و هەستی چینایەتی بوون. پێموابوو مێژووی کورد چێترین تاقیگەیە بۆ زۆربەی ئەو تیۆریانە، چونکە کوردستان تەنها ئالەم سەدەیەدا، چەندین ڕاپەڕینی جوتکارانی شەقڵ نەتەوانە و کرۆک دادوەرانەی بە خۆیەوە دیتووە (برونسن، ١٩٩٩: ١٤).

لەم دیدەوە پاش مانەوەی لە ماڵی ئاغایان و شێخاندا، توێژینەوەکەی لە شێوەی ڕاپۆرت و گوزارشت دەنووسێت. نەخشەی کتێبەکەی لە دەروازەیەک و شەش بەش پێکهاتووە. لە سەرتڵەکە دا سەبارەت بە چۆنییەتی کارەکەی و سنوور و بەکارهێنانی سەرچاوەکان دواوە، بەشەکانیش کە ناوەڕۆکی کارەکەیین، بەم سەرناوانەوەن: (بڕێک زانیاری گشتی لە بارەی کوردستانەوە، هۆز، سەرەکهۆز، ئەو دەستەوتاقمانەی سەر بە هیچ هۆزێک نین، هۆزەکان و دەوڵەت، شێخ و سۆفی و پیاوانی نوورانیی و سیاسەتمەداران، ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید، دوا سەرنجەکان).

ئەو بەشەی کە پەیوەست بەم توێژینەوەیە، بەشی چوارەمە کە لە بەر ڕۆشنایی کارەکەدا خەسارناسی کتێبەکە لە چەند ڕوویەکەوە دەخەینە ڕوو. لە بیر نەچێت، ئەم کارە سەرەتای کاری برونسنە؛ ئەو دەمەیە کە تێگەیشتن و ئەزموونی لەگەڵ تەسەوفدا نییە، ئەمەش پاساوێکی باشە بۆ ئەو هەڵە و کەموکورتیانەی تێیکەوتووە؛ چونکە ئێستا پەنجا ساڵ بەسەر نووسینی ئەم کتێبەکەدا تێپەڕیوە و پێمان وایە تێڕوانینی ئەویش بۆ زۆر بابەتی ڕۆحیگەری و عیرفان گۆڕابێت؛ بەڵام ڕەخنەکان لەو جێیەوە پێویستن تا توێژەر و خوێنەری کورد، بە متمانەوە تەماشای هەر دەقیک نەکات کە لە بارەی تەسەوفناسییەوە بێت. ئەم توێژینەوەیە بە پێی میتۆدی تەواوکاری لە پاڵ میتۆدی وەسفی ئەنجامدراوە.

### ٢-١- پێشینەی توێژینەوە

سەبارەت بە کارکردن لە سەر تەسەوفی کوردی، لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە ڕوانگەی ئەدەبیاتەوە بوون، بەو جۆرەی لە پێناوی نیشاندانی ئەدەبیاتی شاعیرێک دا کە خۆی سۆفییە و بەرهەمەکانیشی سەر بە تەسەوفە، بەشی زۆرینەی کارەکەیان بۆ ناساندنی تەسەوف تەرخان کردووە و دواتریش باسی ئەو ڕێبازەیان کردووە کە شاعیرەکە پێوەی پابەند بووە؛ بۆیە ئەم کارانە ئەگەرچی نموونەیان زۆرن، بەڵام لەو ڕوانگەوەی باسی تەسەوف لە پێناو ئەدەبیات دایە نەک خودی خۆی، نابێتە پێشینەیەک بۆ ئەوەی ئێمە قسەیان لەبارەوە بکەین؛ بەڵام وەهاش بە خێرایی ئاماژە بە چەند کارێک دەدەین:

- شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، ئیبراهیم ئەحمەد شوان (شوان، ٢٠١٠)

- ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینیی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی، سەبور عەبدولکەریم (عەبدولکەریم، ٢٠١٤).

- *مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا* (مەلا، ٢٠٠٣) ئەمە یەکێک لە گرینگترین نامەکانی ئەم بوارەش کارەکەی ئەحمەدی مەلایە لە بارەی عیرفانییەتی ڕۆچووی ناو شیعرەکانی مەحوییەوە.

- سۆفی و سۆفیگەرێتی، کاریگەری ئید و کلتورە نائیسلامییەکان لە سەر سۆفی و سۆفیگەرێتی ئیسلامی لە نووسینی لەتیف هەڵمەت (هەڵمەت، ٢٠٠٩). ئەو پێی وایە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا سۆفیگەری بوونی نییە و شاعیری سۆفیشمان نییە، بەڵام ئەم کتێبە و تێڕوانینەکانی نوسەر، بە حوکمی ڕەها و مۆردان لە دوا بڕیاریدا، خۆی دەبینێتەوە، لێکۆڵینەوەکە نە دەچێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە، نە تێڕوانینی بابەتی، بەڵکو لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی خودیی و بەراورکاریی نابابەتیدا دەمێنێتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە کاری ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆژئاواییەکانە، کە زۆرینەیان کارەکەیان لە بارەی خودی تەریقەت و تەسەوفەوە نییە و کاری ئەوان بە گشتی ئایینناسی یان مرۆڤناسیی نییە، بەڵکو یان ڕاپۆرتی سیاسی و سەفەرنامە و یادەوەریین، یان توێژینەوەی سیاسی و کۆمەڵناسینی کۆمەڵگای کوردین. لە میانەی کارەکەشیاندا وەک چۆن باسی کولتوور و دابونەریت کراوە، وەهاش باسی دینداری و تەسەوف و شێخایەتی کراوە، ئەوانەیان کە دەوڵەتەکانیان چاویان بڕیوەتە کوردستان، لە ڕوانگەی دەوڵەمەندی و موڵکداریی و سامانەوە تەماشای سۆفیگەریان کردووە، هەندیکی دیکەشیان لە ڕووی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕش و کاروباری سیاسییەوە. بۆیە پاش تەماشاکردن و وردبوونەوە لێیان دەبینین لە پێناو ناساندنی کوردا وەک ئەوەی کە هەیە کار نەکراوە، بەڵکو مەرامی سیاسی و تایبەتی لە پشتەوەیە.

ئەو بابەتە کوردناسییانەی لە بارەی کوردەوە نووسراون، لە هەموو بوارەکانی زمان و ئەدەب و کولتوور و ئایین و کۆمەڵگاوە

> بەرهەمی ناوەندی فەرهەنگی کوردی نییە و لەبەرهەمهێنانی ئەویش نییە؛ بەڵکوو پێشتر بەپێی ستراتیژییەکی دامەرزاوەی دەوڵەتیی و نادەوڵەتیی، بەتایبەتی دەوڵەتە مەزنەکانی وەك: ڕووسیا، فرانسا و ئینگلیستان وەک بەشێک لە زانین و ناسین، یان مەعریفەی سەر بە بەرژەوەندی و گوتاری سیاسی و کولتووری ئەوان بایەخ بە کورد و زمانی کوردی دراوە (ئەحمەد، ١٤٠٢: ٣٠٠).

بێجگە لەوەی ڕاپۆرت و گەشتنامە و توێژینەوەکانیان سوودێکی زۆری بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئینگلیزەکان لە دانانی نەخشەی جوگرافی و سیاسی ئەم ناوچانەدا هەبووە، زۆرجار کوردیان

وەک چەتە و ڕێگر و دز و تەڵەکەچی باسکردووە؛ لە کاتێکدا لە ماڵەکانی ئەوان ماونەتەوە و خزمەتکراون و ڕێزیان لێگیراوە، بۆ نموونە: دەتوانین بچینەوە سەر گەشتەکەی فریزەر(فریزەر، ٢٠٢٠: ٨).

- *کورد و کوردستانی* واسیلی نیکیتن کە بە باوکی ڕۆژهەڵاتناسەکان ناسراوە، لە دوانزە بەش پێکهاتووە و بەشی یانزەهەمی تایبەت کردووە بۆ ژیانی مەعنەوی و ڕۆحانی کوردەکان و ئایینزاکانیان، لە میانەشیدا باسی تەسەوفی کردووە (نیکیتین، ١٣٧٨). کارەکەی لە گەلێک ڕووە لە کاری توێژەرەکانی دیکە باشترە، تێگەیشتنی بۆ بابەتی ڕۆحانی و دینی لە نوسەرەکانی دیکە زیاترە و ئاگاداری وردی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە.

- کتێبی *کورد تورک عەرەبی* سیسیل ئیدمۆنس، لە چوار بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا لە پاژێکدا لە بارەی شێخەکان و ساداتەوە دواوە و لە میانەشیدیا باسی سۆفیگەریی کوردانەی کردووە (ئیدمۆنس، ٢٠٠٤). ئەم کارە سەبارەت بە تەسەوفناسی، نازانستیترین کاری ڕۆژئاواییەکانە کە لەوپەڕی مەرامی خۆیەوە تەماشای تەسەوف دەکات، ئەوەش پەیوەندی بە باری سیاسی ئەو دەمەوە هەیە کە ئەو نێراوی دەوڵەتی ئینگلیزە و لە بەرامبەریدا ئەندامێکی تەریقەتی قادری کە مەلیک مەحموودە، شۆڕش دەکات و حوکمەتی کوردی ڕادەگەیەنێت، بۆیە بە هەموو چەشنێک وێنەیەکی ناشرین و شێواو و بەدرۆ هەڵبەستراو دەخاتەڕوو سەبارەت بە تەریقەتێکی ناو کوردەواری کە قادرییە و لە میانەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

**٢- تەسەوفناسی**

عیرفان یان بە مانای ئیسلامییەکەی: تەسەوف، بابەتێکی مرۆییە و لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە هەبووە و لە شێوە و فۆڕمی جودادا خۆی بەیان کردووە. هەندێک جار لە هەناوی دینەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە هەندێک ئەرکی ڕۆحانی سادە هەن، دینەکان لەگەڵ شەریعەتدا بە تاک و کۆمەڵگای دەبەخشن، بەڵام دواجار ئەرکی ئەم ئایینانە ئەوەیە کە خۆت و خودات پێدەناسێنن، فێری بەرگریت دەکەن، تا دەمریت و ڕزگاریت بە مردن دێتە دی. بەڵام کەسانێک هەن بە هۆی کەشفی توانای مرۆڤەوە دەزانن کە مرۆڤ دەتوانێ غەریبی خۆی لەم دنیایە مەرگاوەر و ژینە مەوداتەسکەدا کۆتایی پێبێنێت؛ بەهۆی زانین و مەعریفەیەوە دەتوانن بگەن بە حەقیقەتی بوون و پەردە لە سەر نەزانراوەکان لاببەن، ئەمەش ئەو ڕێگەیەیە کە بە عیرفان، تەسەوف، ڕێگەی ڕۆحی، میعراج ...هتد ناوی براوە (کەسنەزانی و بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٠).

تەنانەت بە تەماشاکردنی هەموو دینەکان، لە دینە زۆر سەرەتاییەکانی ناو هۆزە سەرەتاییەکانەوە بگرە تا دینە ئاسمانی و زەمینییەکان دەبینین ڕەوتی عیرفانی خۆیان هەیە کە لە هەموویاندا دەوترێت: ئەزموونی عیرفانی، مرۆڤ دەخاتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ڕاستەقینەی ڕەها (حەقیقەتی موتڵەق)دا. ئەم پەیوەندییەش بە گشتی بە دوو شێوە پەسن دەدەن: یەکەمیان شهوود و ماریفەت، دووەمیان یەکبوون و فەنا (اسپنسر، ۱٤۰۰: ٤۲۷). بەم لێوردبوونەوە، تێدەگەین عیرفان هەوڵێکی زیاد و ڕژدی ڕۆحیی ئادەمیزادە کە دەزانێت بوویەکی مەرگاوەری براوەیە بۆ گەیشتن بە بوویەکی بڵندی هەرمانی هەتاهەتایی کە خاوەن دەسەڵات و سۆزە.

لێکۆڵینەوە لەم باسە، بە عیرفانناسی یان تەسەوفناسی ناسراوە کە وەک لقێکی ناو ئیسلامناسی کاری شرۆڤە و لێکدانەوە و تێگەیشتنە لەو دامەزراوە ڕۆحانییەی کە سەرەتاکانی پەیدابوونی لە نێو ئیسلامدا بۆ قۆناغی زوهدگەرایی دەگەڕێیننەوە و هەندیک لە کەسێتییە دیارەکانی سەردەمی پێغەمبەر(د.خ) وەک سەلمانی فارسی، ئەبووزەڕ غەففاری و وەیس قەرەنی بە سۆفی دادەنرێن، لای هەندێکی دیکەش خودی پێغەمبەر جگە لەوەی ڕابەری سۆفییانە، خۆیشی سۆفی سا و دەروێش مەشرەب بووە، بە قسە و کردە و تەنانەت خەڵوە و چلەیشی کێشاوە لە ئەشکەوتی حەڕڕادا و بناغەی زوهدانییەت و سۆفییەتی لەوەوەیە (بدوی، ۱۳۸۹: ۱٦۹). مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس (مودەڕیس، ۲۰۱۰: ٦٤) لەم بارەیەوە و لە پەسنی ئەو نێراوەدا دەڵێت:

دائەنیشت وەکو ساحێب ویقاران          نەئەکەوتە پێش لە ڕیزی یاران
لە ڕێ ڕۆیینا بۆ پاش و بۆ پێش          فەرقی نەئەکرد شای مەشرەبدەروێش

دیارە کارکردن لە سەر تەسەوف و عیرفانی ئیسلامی دژوارە و کارێکی وردی دەوێت؛ چونکە ویڕای سیما گشتی و یەکێتییە ڕەسەنەکەی، بە پێی ئایینزا، جوگرافیا، شار و گوند، نەتەوە و کولتوور، ناسنامە و زمان دەگۆڕێت. ئەمە جگە لەوەی لە پەیوەندی لەگەڵ فەلسەفە، کەلام، زانست و ئەفسانەدا شتی دیکەی لێهەڵدەهێنجرێت و قوتابخانەی عەقڵی و نەقڵی و چەشەیی و ئیشراقی لێ پەیدابووە. ئەم لقە کار لە سەر تەسەوف دەکات بەهۆی یەکە پێکهێنەرەکانی خودی تەسەوفەوە، لە لایەکی ترەوە بە پشتبەستن بە مێژوو، بەرهەمی سۆفییەکان، ئاداب و هەڵسوکەوتیان توێژەینەوەی خۆی بونیاد دەبێت.

توێژەرێک بیەوێت کار لە سەر تەسەوف بکات بۆ نموونە لە ناو نەتەوەی کورددا، بەهۆی لێوردبوونەوەیەوە دەبێت هەست بە جیاوازی و پتەویی ڕۆحیگەری بکات، هەست بە جۆرێک لە خاکەڕایی و سادەیی و ڕەسەنییەت بکات، بەو پێیە بە سرشت کورد نەتەوەیەکە گەلێک ڕەسەنییەتی

تێدایە، بۆیە کاتێک دەبێتە سۆفی، کوردانە و ڕەسەنانە نەک وەرگیراوانە و خوازراوانە، ڕێبازەکە دەگرێت و ئاوێتەی کولتووری دێرینەی خۆی، بە گۆرانی و مەقام و هەڵپەڕکێ و شیعر و غەزەڵ دەکات. پەیوەندیشیان لەگەڵ ئاییزاکانی ناوچەکە و ئایینەکانی دیکەدا کە خاڵی هاوبەشیان زۆرن، گەلێک پتەوە.

بەم جۆرە دەبینین تەسەوفناسی، کارەکەی لە سەر چییەتییە، نەک چۆن دەرکەوتن. واتە پەیبردن بە جەوهەری تەسەوف، هەر توێژەرێکش کە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لە تەسەوف بڕوانێت، (بۆ نموونە کۆمەڵناسی یان دەروونناسیی) پێویستییەکی زانستییە پێشتر تەسەوف لە ڕوانگە جەوهەرییەکەوە بناسێت، ئەوجا خوێندنەوەی دیکەی بۆ بکات. ئەمەش ئەو گرفتەیە کە برونسن هەیبووە لە دەمی نووسینی ئەو بەشەی کتێبەکەدا کە تەوەری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە.

### ٣- ڕەخنە و خەسارناسیی تەسەوفناسی

### ٣-١- نازانستی بوون و ڕاپۆرتنووسین:

ئەم کتێبە بە ڕای فەرهاد پیرباڵ «خوێندنەوەیەکی قووڵ و وردبینانەی کۆمەڵی کوردەوارییە بە چاوی کوردناسیکی ڕۆژئاوایی. بۆچوون و ڕوانینەکانی، توندوتیژن، ڕەخنەگرانەن، ئەگەر لەگەڵی بین یان دژی بین فەرق ناکا. ئەوەی پێویستە ئەمەیە: ئەم کتێبە پێویستە هەموو کوردیک بیخوێنیتەوە، بە تایبەتیش سیاسییەکانمان» (پیرباڵ، ٢٠٠٦: ١٥٧). ئەگەر ئەو قسە بۆ بەشەکانی دیکەی ڕاست بێت، کە پسپۆڕی ئێمە نییە، ئەوا بۆ بەشەکەی تەسەوفناسی، تەواو پێچەوانەیە و لەو ڕووەوە کارەکە توندوتیژە، چونکە ئاگاداری ڕەوتی تەسەوف نییە، بۆیە بە تەبیعەتی حاڵ کەسێکیش ئاگاداری بوارێک نەبێت، قەسەکانی ڕەمەکی و نازانستی و ناڕەوا دەبن.

برۆنسن لە بارەی کارەکەیەوە دەڵێت: مێژووی کورد باشترین تاقیگەیە بۆ بەکارهێنانی تیۆرە کۆمەڵناسییەکان، بەڵام لەو شوێنەوەی باسەکەی بە زانست دەزانێت، وەک ڕاپۆرت نووسین دەمێنێتەوە؛ چونکە هەر خۆی لە خەوشی کارەکەیدا باسی ئەوە دەکات، زانیارییەکانی زارەکین و بەهۆی پچرپچڕی مانەوەی لە شوێنەکاندا، زانیارییەکانی کاڵ و ڕێکنەخراون. بۆیە وەک دەبینین بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، هەڵهێنجانی خودیی دوور لە بابەتی بوونەوە، کارەکەی گەیاندۆتە ئەنجام. ئەمەش ئەو شوێنەیە کە خۆی ناچار دەبێت دانی پێدابنێت توێژینەوەکەی سەر بە هیچ میتۆد و تیۆرییەک نییە و زیاتر کۆکردنەوەی زانیاری زارەکی و دەمەتەقێیە، کارەکەی دەشێت یارمەتیدەر بێت بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان:

> کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیەم زێتر پەیجوور و توێژینەوەیەکە کە ناتوانریت هیچ تیۆرییەکی پێتاقیبکرێتەوە. تەنها بەشێکی کەمی ئەو زانیارییانەی کۆمکردوونەوە دەشێت یاسایەکی گشتی وایان لێبوختەکرێت، کە

وەرام بن بۆ چکێک لەو پرسیارانەی لە سەرەتادا کردمانن. لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکانی زۆر چڕوپڕن، دیارە وەرامی گشت پرسیارێکیشی پێنادرێتەوە، بەڵام لایەنی کەم دەتوانێت پارمەتیدەربێت بۆ دۆزینەوەی گەلەک ڕاستی (برونەسن، ۱۹۹۹: ۱۹).

وێڕای گرینگی باسی شێخان و پەیوەستێتی بە کارەکەیەوە کە لە سەر بنەمای خێڵ و عەشرەت و هۆز و گروپ و تاقمە، نوسەر پێی وایە لە سەر ئەو تەریقەتانە کەم نووسراوە، لەبەر ئەوەی زانیارییەکانی سنووردارن، بۆیە خۆی دەهاوێتە سنووری باسێکەوە کە هیچ زانیارییەکی پێشینەی لە سەری نییە و دەیەوێت خۆی وەک بنەوانی ناساندنی ئەوان بناسێنێت. سەرسامی خۆیشی ناشارێتەوە بۆ ئەو ڕێبازانە بە تایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی کە پێی وایە خێرا بڵاوبوونەوەی جێگای سەرسامی و تێڕامانە (برونسن، ۱۹۹۹: ۲۱).

لە نێو سەرسامی و زانیاریی زارەکی کۆکردنەوە و مەبەستدارێتی پێشوەختەیدا، توێژینەوەیەک ئەنجام دەدات و ناوی لێدەنێت: *ئاغا و شێخ و دەوڵەت* کە کۆمەڵناسیی خەڵکی کوردە. بەشێکیش سەبارەت بە تەریقەت و عیرفانی نەتەوەیەک تەرخان دەکات، تەنیا لەو ڕووەوەی لە سەری هیچ باس نەکراوە، ئەمەش کارێکە جێگەی ڕەخنە و تانەگرتن، چونکە تەسەوفی کوردی بەشێکە لە تەسەوفی ئیسلامی بە هەموو گۆڕانکاری و کوردیبوونەکەیەوە، تەسەوفیش بە هەردوو لقە دیارەکەیەوە، سەرچاوەکەی لە ناو تەسەوفی ئیسلامی دایە و ڕژاوەتە ناو کەلتووری کوردی «زۆرینەی هەرە زۆری کوردە موسوڵمان و ناموسوڵمانەکان سەر بە یەکێک لە ڕێبازە سۆفییەکان یان تەریقەتەکانن. پەیوەندیی موسوڵمانە کوردەکان، بۆ نموونە لەگەڵ ڕێبازە سۆفیگەرییە جۆراوجۆرەکاندا هەمیشە توندتر بووە لە پەیوەندیان لەگەڵ ڕێبازە توندە ئیسلامییەکاندا» (ئیزەدی، ۲۰۰۷: ۳٦۲).

کەواتە تەسەوف و باسی تەریقەتی کوردەکان، بەشێکە لە تەسەوف بە گشتی، لەم بارەشەوە کتێبگەلێک لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس و ئەنسرۆپۆلیجست و ئیسلامناسەکانی ڕۆژئاواوە سەبارەت بە چییەتی تەسەوف لە ڕوانگەی عیرفان و ڕۆحانییەت و فەلسەفەی ئیشراقەوە نووسراون کە دەبوو برونسن کەڵکی لێوەرگرتبان. دیارە تەسەوف یەکێک لە پێناسە ماقووڵەکانی لە ڕوانگەی ئیسلامناسەکانەوە ئەوەیە کە:

دیاردەیەکی ڕۆحی زۆر گرینگە. لە بنەڕەتدا بەدیهێنانی پەیامی ڕۆحی پیغەمبەرە، هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردنی شێوەکانی ئەو پەیامە لە ژیاندا بە شێوەیەکی شەخسی، لە ڕێی بە ناوەکیکردنی ناوەڕۆکی وەحی قورئانەوە، میعراج کە تێیدا پێغەمبەر نهێنییە خوداییەکانی پیشاندرا، وەک نموونەیەکی ئەسڵی دەمێنێتەوە، کە هەر سۆفییەک لای خۆیەوە هەوڵدەدات بۆ خۆی بە دەستی بهێنێت (کۆربین، ۲۰۱۸، ۲۲۹).

بەم ڕوانینە بەر لەوەی لەڕوانگەی سیاسەت و خێڵایەتییەوە تەماشای دیاردەکە بکرێت، دەبێت تەماشای خودی دیاردەکە وەک بارودۆخی ڕۆحانی بکرێت کە زۆرێک لە ئیسلامناسەکان وەهایان کردووە؛ نموونە دیارەکانیان لویس ماسینیۆن (١٨٨٣-١٩٦٢) لە کتێبە دیارەکەی بە ناوی *باسوخواسی حەلاج* (ماسینیون و کراوس، ١٣٦٧)؛ هێنری کۆربۆن (١٩٠٣- ١٩٧٨) دیارترین کتێبی کە تێیدا باسی عیرفان و تیرە باتنییەکان و دۆخە ڕۆحییەکانی ناو جیهانی ئیسلام و بە تایبەتی ئێران کردووە *مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی*یە (کۆربین، ٢٠١٨). وردەکارییەکانی کۆربین، سەبارەت بە فەلسەفەی ئیسلامی و تەسەوف و هاوبەشێتی ناو ئایینزا سوننە و شیعەکان، کارەکەیان وا لێکردووە، ئەگەر کەسێک لەگەڵ بۆچوونەکانیشیدا نەبێت، بەڵام توانای ڕەتکردنەوەی نەبێت، چونکە پشتبەستووە بە مێژوو، میتۆد، سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ناو جیهانی ڕۆژهەڵات. یەکێکی دی لەو نوسەرانە «ئانا ماری شمیل»، بەو پەڕی وردی و شارەزاییەوە لە هەوڵ بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ناو سۆفیزم بە زمانی ڕەسەنی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان بەرهەمەکانی خۆیی سەبارەت بە تەسەوف نووسیوە؛ دیارترین و کاریگەرترین کتێبیشی *مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا*یە، بە سەلیقەیەکی جوان و زانستی زۆر و شارەزایی تەواوە کتێبەکەی نووسیوە، بە تێبینیکردنی ئەوەی هەندێک جار شاعیرانە بابەتەکان دەبینێت، بەڵام دواجار سەرچاوەیەکی بێخەوشە بۆ تێگەشتن لە وێنە گشتییەکەی تەسەوف و عیرفان (شمیل، ٢٠٢٠). ئەمە جگە لەو کارە زۆروزەوەندانەی لە سەر ئەدەبیاتی تەسەوف کراون، هەمووشیان پێشەکییەکیان لە سەر تەسەوف و عیرفان و ڕۆحانییەت نووسیوە، کارەکانی یێڤگێنی ئیدوارد بێرتلێس و نیکڵسۆن لە ساغکردنەوەی دەقی عیرفانی فارسیدا دیار و کارزانانەن.

**٣-٢- ناشارەزایی لە ئایین و فەلسەفە و عیرفان**

پێمان وایە ئەو کەسەی کە کار لە سەر تەسەوف دەکات، جا با کارکردنەکە - وەک لەم چەند دەیەی دواییی دا باوە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بێت، پێویستی بەوەیە پێشینەیەکی تەواوی لە سەر چەند بابەتێکی مرۆڤناسی هەبێت کە پەیوەندی تەنگاتەنگیان پێکەوە هەیە؛ هەندێکجار ڕەگ‌وڕیشەکانیان لە مێژووی مرۆییدا بەیەکداچوون و لەیەکدی خۆراک وەردەگرن. هەر یەک لەوانەش بریتیین لە: ئوستوورە، فەلسەفە، ئایین، ئەفسانە و خورافیات، ڕۆحانییەت و بابەتە دەروونی و گیانییەکان.

کاتێک توێژەری بواری تەسەوف شارەزایی لەمانەدا هەبوو، تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە مرۆڤ دەبێت، وەک بونەوەرێک کە هەمیشە لە نێو ئەم دۆخە و زانستدا تیاماوە، لە هەر سەردەمێکیشدا بە لایەکدا شکاندوویەتییەوە. بە پشتبەستن بە کتێبەکەی جیمز فریزەر (*چڵی زێڕین*) و باسەکانی

مالینۆفسکی سەبارەت بە پەیوەندی ئایین و ئەفسانە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەر توێژەرێک بە قوولّی لە ئایینەکان تێگەیشت و بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵ کردن نەک ئایدۆلۆژییانە، ئەوا دەتوانێت مامەڵەشی لەگەڵ ئەفسانەدا دروست و گونجاو بێت، تەنیا بە شتی پروپوچ و قسەی بێبایەخ تەماشایان نەکات، بەڵکو ژێرخانێکی ڕەگداری مرۆیین و ڕیشەکانی هێندەی تەمەنی مرۆڤایەتی درێژن[۲]. لەم بارەوە مالینۆفسکی دەڵێت:

ئەفسانە بۆ مرۆڤی بەرایی هەمان ئەوە دەنوێنیت کە سەرگوزەشتەی کتێبی پیرۆز لە بارەی دورستبوونەوە، لە بارەی لافاوەکەوە، لە بارەی ڕزگاربوونەوە بەهۆی لە خاچدانی مەسیحەوە بۆ مەسیحییەکی تەواو ئیماندار دەگەیەنێت. هەر وەک چیرۆکە پیرۆزەکان لە سرووت و ئاکارماندا دەژین و حوکمی باوەڕمان دەکەن و بەسەر ڕەفتارماندا زاڵن، ئەفسانەش بۆ مرۆڤی بەرایی، تەواو وایە و هەمان ئەو ڕۆڵە دەبینێت (حاجی، ۲۰۱۵: ۲۰).

جۆزێف کامبڵیش ئەم پەیوەندییە قووڵتر وێنا دەکات، نەک هەر ئایین و ئەفسانە، بەڵکو یەکێک لە ئەرکەکانی ئەفسانە لە پاڵ ئەرکەکانی تریدا کە(گەردوونناسی، کۆمەڵایەتییە) ئەرکی سۆفیگەریی و ڕۆحانییەتی ئەفسانە باس دەکات کە درککردنە بە سەرسوڕهینی جیهان و مرۆڤ، کەشفی نەهێنییە نەدۆزراوەکان (کەمبڵ، ۲۰۰۸: ۷۵). بێگومان تەسەوفیش هەر ئەو ئەرکەی هەیە و بنەمای هەموو عیرفانییەتیش لە سەر ئەو فەرمووده قودسییە وەستاوە کە خودا دەفەرمویێت: من بۆیە مرۆم دروست کرد، خەزێنەیەکی شاراوە بووم، ویستم کەشفم کەن و بمدۆزنەوە (همدانی، ۱۳۹۸: ۵۳). تێگەیشتن لە تەسەوف لەم ڕووەوە، تێگەیشتن لە ئەفسانە کە تا ئیستاش لەو پەڕی سەردەمی زانستدا و مرۆڤ دەستی پێوەگرتووە، یارمەتیدەدەر دەبێت بۆ توێژەر تا ڕاستەقینەی ئەوەی هەیە نیشان بدات، نەک ئەوەی ئەم دەیەوێت وەها بکەوێتەوە.

کارەکەی برونسن، دەبوو پەیوەست بێت بە بنەماڵەی شێخ وەک سەرۆکار و شۆڕشگێڕ، بەڵام وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات (بەهۆی ئەوەی کەم لە سەری نووسراوە) ئەو دەست دەکات بە باسەکەی و ڕووکەشی ئەوەی لە ناو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵدا هەن، دەگشتێنێت، بۆ کۆی کوردستان. ئەم ڕوانینەی پەرگیرانەیە و کۆی کارەکەی دەگرێتەوە و باسە ڕواڵەتگەراکەی بونیاد دەنێت، چونکە وەک لەبەرهەمەکەدا دەردەکەوێت، بێئاگایی ئەو بەرامبەر بە تەیارە ڕۆحانی و عیرفانییە نەک هەر ڕۆژهەلاتییەکان، بەڵکو گەردوونییەکان، یاخود بڕوانەبوونی بە هێزی میتافیزکی وەهای کردووە، کۆی پرۆسەکە لە چوارچێوەی داشۆرین و داماڵین و پساندندا باس بکات. بۆ نموونە: لە بەشی

[۲]. بەڕای ئێمە ئەمە بۆ تەسەوف و عیرفانیش ڕاستە، ئەگەرچی لە بەدبەختی کورد، فرێزەریش هەندێ بابەتی ڕۆحانی و پەیوەست بە تیغبازیی سۆفییەکانەوە بە بابەتی پڕوپوچ و فرتوفێڵ دادەنێت، چونکە خۆی نەیدیون (فریزەر، ۲۰۲۰: ۱۰۳).

چوارەم دا، بێ ئەوەی ئاگاداری ڕێبازەکان و چۆنییەتی بونیاد و بنەمای بیرکردنەوە و نەخشەی ناوەکی ئەو دنیا عیرفانییە بێت، کۆی زانیارییە پەیداکراوەکانی لە پێناو مەبەستەکەی خۆیدا کە دەسەڵاتگەرایی شێخەکانە، خستۆتە ڕوو.

دیارە لە باسەکەدا هەر یەک لەمانەش: نەچوونەوە سەرمێژوو، تەماشانەکردنی چۆنییەتی دروستبوون و گۆڕانی ڕەوتەکان، ناکارزانی ئەو دەردەخەن سەبارەت بە بابەتەکە. بەڵگەیش بۆ ئەم ڕێنەزانییە، تێکەڵکردنی بابەتی فەنابوونی ناو عیرفان، دۆناودۆن و بەرگگۆڕکێ ناو هەندێک لە ئایینزا و گرووپە ئایینییەکانە لەگەڵ باسی دوورکەوتنەوە لە عیرفانی شێخە دەسەڵاتدارەکان. ئەو لە پارچەیەک بە ناوی «خوداوەندێکی زیندوو»دا پێی وایە عارفان و شێخان ویستی دەسەڵاتی خوایەتییان هەیە و بۆیە بانگەشەی خودایەتی دەکەن، بابەتی ئەنەلحەقی حەلاجی تێکەڵ بە باسەکە کردووە. ئەمەش تەسەوفنەناسی و سادەیی زانیارییەکانی و تێنەگەشتن لە عیرفان و بێئاگایی ئەو لە مێژووی ڕۆحانییەت نیشاندەدەن:

> دیارە کوتترین ڕێگە بۆ خواستنی دەسەڵاتی خودایی بۆ کەسێک ئەوەیە، کە خۆی بانگەشەی خودایی بکات. بەڵام ئاشکرایە ئەوە کاریکی دژوار و پڕ مەترسییە، هەتا بۆ سۆفییەکیش کە پەیوەندی بە خوداوەندەوە هەبێت، ژیرانەتر ئەوەیە کە شتی ئاوها نەڵێت و چارەنووسی حەلاجی لە پێشچاوان بێت، بۆ گشت موسوڵمانێکی ئاساییش، ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە شەریک پەیداکردنە بۆ خوداوەند و گوناهێکی گەورەیە (برونسن، ١٩٩٩: ٩٦).

بەشێکی زۆری ئەو توێژەرانەی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە دەڕواننە تەسەوف، درک بە بارە ڕۆحییەکە ناکەن یان نایانەوێت بیکەن، چونکە ئەوان مامەڵە لەگەڵ ڕواڵەتی بابەتەکەدا دەکەن، نەک جەوهەرەکەی. تیکەڵکردنی بابەتی ئەنەلحەقی حەلاج، لێرەدا نەک تێنەگەیشتنە لە تەسەوف و هێنانەوەی نموونەی نابەجێیە بۆ نیشاندانی دۆخی تەسەوف لە کوردستاندا، بەڵکو تێنەگەیشتنە لە پەیامەکەی حەلاج، وەرگرتنی یەک وشەیە، بە دابڕین لە چوارچیوە هزری و ڕۆحی و فەلسەفییەکەی، کە لە ئێستادا سەدان کتێب لە بارەیەوە نووسراون و پەیامەکەی حەلاج نیشان دراون، لە بەهای زانستی بەرهەمەکەی کەمکردۆتەوە، وەک هەڵەی زانستی کەوتۆتەوە، سەبارەت بە ناسینی ڕەوت و ڕەفتاری سۆفییەکان.

چونکە کەسێک خوێندنەوە و توێژینەوەی بۆ تەسەوف هەبێت، دەزانێت کە ئەم ڕەوتە لە سەر بنەمای وەحدانییەت دروست بووە، دەیان بەڵگەی سۆفییە مەزنەکان لەبەردەست دان کە خۆیان ئاماژە بە ڕەوتەکە دەکەن، دەیناسێنن و نیشانی دەدەن: هەر یەک لە ئیمام غەزالی، خواجا عەبدوڵا ئەنساری، عەینولقوزات هەمەدانی و لە هەر یەک لە فەرهەنگەکانی زاراوەی سۆفیزمیشدا، بە وردی باسکراوە و وەک بنەمای گرینگی ڕێبازەکە خراوەتە ڕوو. هەر یەکەشیان قۆناغەکانی تەوحیدیان نیشانداوە؛

بۆ نموونە خواجا عەبدوڵا ئەنساری سێ پلەی تەوحید لە کتێبی (*سەد مەیدان*)دا دیاری دەکات. یەکەمیان یەکتاوتنە کە پەیوەستە بە ڕواڵەتی شەریعەتەوە و گۆکردنی شادەوئیمانە، ئەمەش تەوحیدی مەردوومی ئاساییە، بە زار ئیمانی هێناوە، بەڵام مەرج نییە لە دەروون و کردەوەدا وەک خۆشەویستی کە سۆفییەکان هەیانە جێبەجێی بکات.

پلەی دووەم و سێیەم یەکتابینین و یەکتازانینە، بەو جۆرە کەسی سۆفی بەهۆی درک و چاوی دڵ و موشاهەدەوە درکی وەحدانییەتی خودا دەکات لە قولایی بوونییەوە پەی بە وەحدانییەت دەبات، پاشان دەگات بە مەقامی تەفرید (انصاری، ۱۳۷۵: ١٦٤). هەر یەک لەمانە مەقامی تایبەتن بە ڕێگەی سلووک کە لای سۆفییەکان بە حەوت، هەندێکی تر سەد، هەندێکی تر هەزار دانراون. بۆ نموونە: حوسەین مەنسووری حەلاج لە مەقامی تەوحیدەوە دەڵێت: ئەنەلحەق، کە بە ڕای ئەنساری دوای ئەو مەقامە، کە ئەو بە مەیدان ناوی دەبات، مەیدانی تەفرید دێت، ئەویش لە زماندا بە مانای بەفەرددانان و بەتاکوتەنیادانان و بەتاکزانین دێت، ساڵیک لەم مەقامەدا، لە خۆی و لە هەموو بوونەکان دەگوزەرێت و دەچێتە جیهانی یەزدانییەوە، بە بیابانی ئەزەل و ئەبەددا، بە سواری زانست و یەکتاپەرستی و خۆداماڵین، لە ماددییات تێدەپەڕێت. پێغەمبەر دەفەرموویت: بکەونە ڕێ، چونکە ئەوانەی کە ئەهلی تەفریدن لە پێشەوەن (کەسنەزانی و بەرزنجی، ۲۰۲۳: ۳۲۰).

ئێستا ئەگەر بچینەوە سەر باسەکەی برونسن، دەبینین کاتێک نموونەی شێخ ئەحمەدی بارزان دەهێنێتەوە، توانای جیاکردنەوەی خاڵە عیرفانییەکانی ناو شەتەحات و دەسەڵاتدارێتی ناو کۆمەڵگای نییە[۳]؛ بۆیە هەردووکی بە یەکجار دەخاتە ملی ڕێبازە سۆفییەکان بە گشتی و نەقشبەندی بە تایبەتی. لە پەراوێزیشدا ئەوە نیشاندەدات کە شێخ ئەحمەدی بارزان لە ڕێگای مەلایەکەوە بانگەشەی خودایی کردوە و لە بری کابە داوای کردووە ڕوو لەو بکرێت. ئەم زانیارییانە، چەندێک ڕاستەقینەش بن، نیشاندەری ڕەوتە سەرەکی و سیما گشتییەکەی سۆفیزمی ڕۆژهەڵات و کوردستان نییە. هەرگیز بەر نموونەیەکی دیکەی وەها ناکەوین لە تەسەوفی کوردستاندا، بەڵکو ئەوەی دەبینرێت خاکەڕایی ڕابەرەکان و نەتەوەخوازیی و بڵندی گیانیانە کە ئەو خۆی لێبواردووەو باسی نەکردوون.

بەڵگەیەکی تری کاڵوکرچی زانیارییەکان لە بارەی ڕەوتە ڕۆحانییەکانەوە ئەوەیە لە پارچەی دووەمدا لە ژێرناونیشانی پەیامبەران، باس لە خواستی ڕێباز و ڕێچکە جیابووەکان دەکات کە ڕێبەرانیان بە شایستەی پێغەمبەری دەزانن، بەڵام بوێری ئەوەیان نییە ئەو ڕازە بدرکێنن و لە بری ئەوە فەرهەنگی زاراوەی تریان داناوە:

---

[۳] . چونکە لە بنەڕەتدا زۆرێک لە وتەکانی حەلاج و بایەزید بەستامی لە چوارچیوەی شەتەحات دان، تایبەتن بە باری ڕۆحییەوە نەک بانگەشەی دەسەڵات.

گەلەک لە ڕێچکە ئایینییە جودابووەکان، دامەزرێنەران و ڕێبەران و پێشەوایانیان بە شایستەی ئەو پلەوپایەیە دەزانن، وەلێ پرکێشی ئەوە ناکەن، باسی سرووش و ئیلهامی خودایی بکەن و نێوی پەیامبەر لە خۆ نێن، بۆیە بە فەرهەنگی دووروودرێژی ئیسلامیدا گەڕاون و نێو لەقەبی دیکەیان دۆزیوەتەوە، وەك: ئیمام، قوتب، بابا، مەهدی و گەلێکی دی (برونسن، ١٩٩٩: ٩٨).

ئەگەرچی دواتر دانی پێدادەنێت لە کوردستان ئەو شێوازەی نەدیوە، بەڵام بە جۆرێک ئەمە بێئاگاییە سەبارەت بە پلەندێتی ناو ئایین و تەیارە ڕۆحانییەکان، و وەهای کردووە قسەکانی نازانستییانە و دوور لە ڕاستەقینەی تەسەوفەوە بن، بەو چەشنەی بابەتەکە وەک ئەوەیە کەسێک بڵێت: خواستێکی زۆری خەڵکی بۆ سەرۆک کۆماری، بەڵام نەبوونی بوێری بۆ بانگەشەی ئەوە، بۆتە هۆی دروستبوونی چەندان ناوی وەك: وەزیر، سەرۆکوەزیران، سەرۆک پەرلەمان، پەرلەمانتار. چونکە ئەگەر ئاگاداری فەلسەفەی ئیسلامی بووایە، لە پاڵیدا ئاگای لە ڕەچەڵەک و قوتابخانە جیاکانی ناو تەسەوف و تەنانەت ئایینزاکان بوایە، وەک دامەزراوە تەماشای دەکرد کە ئامانجی بڵندبوونەوەی ڕۆحی مرۆڤە لە پەستی و نزمایییەوە بۆ بڵندی ڕۆح و میعراج، هەر یەک لەو پلانەش نیشاندەری ئەوەیە ئەو کەسە تا چ ئاستێک ڕۆیشتووە و ناوەکانیش نهێنی و شاراوەن. چونکە ئەو دامەزراوەیە، مادی نییە و پلەکان سیاسی و ئابووری نین، ڕۆحانین و تایبەتن بە جیهانی میتافیزیکا و بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆحین، کەسێکش تێگەیشتنی بۆ هەر یەک لەو لقانەی تر نەبێت کە باس کران، ناتوانێت جگە لە ڕواڵەت هیچی تر لەو باسە هەڵهێنجێت.

ئەم دابەشکارییە لە هەر یەک لە دینەکانی دیکەی وەک میترایی کە حەوت مەقامیان هەیە بە تاقیکرنەوەی قورس و پلەی تایبەتی ڕۆحییەوە بە ناوەکانی: قەلەڕەش، هاوسەر، سەرباز، شێر، پارسا، خۆر، پدەر یان بابا (بڕوانە بەشی میترایی لە کتێبی: رضائی، ١٣٧٢). تەنانەت لە تیرە و تاقمەکانی تری وەک ئێزدییەکان و یارسانەکانیشدا هەیە. لە تەسەوفدا ئەمانە بە ئەمینەکان ناسراون

مەبەستیش لێی پیاوانی خودان کە شاراوە و نادیارن، لە ڕووکەشدا وەک مرۆڤی ئاسایی کۆمەڵگە دەنوێنن و لە دەروون و ناخدا لە نزیکانی خودان. لە فەرهەنگی سۆفیزمدا ئەمانە بریتین لە لۆمەخوازان و مەلامەتییەکان، ئەوە نیشان نادەن کە لە دەروونیاندایە، نایەڵن لە ڕووکەشدا پێوەیان دیار بێت، شاگرد و قوتابییەکانیان لە مەقامی ئەهلی جوامێری و فتووەتدان (کاشانی، ١٩٩٩: ٥٦).

مەلائەحمەد قازی پینجوێنی لە کتێبی *خەزنەی جەواهێر*دا بە پشتبەستن بە کتێبەکانی هوجویری و تووسی و سۆفییەکانی دیکە، بە شێوەی هۆنراوە ئەو پەیوەندییە هەرەمییەی نیشان داوە کە چلۆن لە تەسەوفدا مرۆڤ پێویستی بە هۆکارە بۆ گەیشتن بە پێغەمبەر کە ئەویش هۆکارە بۆ گەیشتن بە خودا. دیارە پرۆفیسۆر کە باسەکانیان بۆ وەرگێڕاوەتەوە، هەڵەحاڵیبوون ڕوویداوە و بەوە تێگەیشتووە کە داواکردنی پلەی پێغەمبەرایەتی و خوداییە؛ لە کاتێکدا پەیوەندیگرتنە بەوانەوە بۆ ڕزگاربوون لە

داوی جەستە کە سوهرەوەدی، شێخی کوژراو، گەلێک بە وردی باسی لێوەکردووە لە ڕوانگە ئیشراقییەکەی خۆیەوە. هۆنراوەکەی پێنجوێنی بە وردی و یەک بەیەکی ڕێگەبڕینەکەی هۆنیوەتەوە، چۆن بەهۆی دەستگیری مورشیدێکەوە، سالێک سیفاتە بەدەکان لە خۆی ڕادەماڵێت، تاکو ژەنگی دڵی پاک بکاتەوە، ڕێگەی خۆش بکات بۆ تەجەلای خودا، لە میانەی پاکردنەوەی سیفاتە بەدەکانەوە سیفاتی جوانی بۆ دێت و خۆی دەڕازێنێتەوە بە سیفاتی خودایی؛ ئەم دەستگیرە یەک بە یەکی پلەکانی پێدەبڕێت، تا دەگاتە پێگەیەک کە بتوانێت کاروباری ئەوانی دیکە بەڕێوە ببات، ئەمەش هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیار نییە، بەڵکو شاراوە و نهێنین، ژمارە و پلە و مەقامیان نیشان دەدات، و بەوە وەسفیان دەکات (پێنجوێنی، ۱۳۹۱: ۱۵۱):

بەڵام ئەغڵەبیان مەخفی و مەستوورن

دایـم موستەغریق تـەجەللای نـوورن

لە شوێنیکی تر دا لە بارەی شێخایەتییەوە باس لە قۆرخکردن و دەستگرتن بە سەر پرۆسەکەدا دەکات، هێندە بێ ئاگایانەیە لە کۆی عیرفانییەت، ئەگەر شتێکی وەهای لەبارەی ڕۆحانییەکانی ناو بودیزم و هیندۆسە نووسیبا، دەبووە تانەلێدان، بەڵام توێژەری کورد وەک خۆی وەریگرتووە:

> ... ئیدی ئەو عیرفانە ناسراوەی کە هەبوو، شێخان بۆ خۆیانیان قۆرخ کرد، ئەوەی سەر بە هیچ تایەفەیەک نەبوو، ئەوەی سەر بە هیچ تەریقەتێک نەبوو، ئەستەم بوو وەک مورشیدێکی ڕووحانی تێبڕوانرێت و کەس بەگەنی بکات، هەر کەس خواستبای ببێتە شێخی تەریقەتێك، تەنها ڕێگەیەکی لەبەردەمدا بوو، ئەوەیش ئەوە بوو، کە شێخی ئەو تەریقەتە، ودمی دابایە و ڕێگەی دابا، ببێتە مورید و مورشید تەریقەتەکە.. (برونسن، ۱۹۹۹: ۱۱۸).

لەم پەرەگرافەوە دەردەکەوێت ئەو وەک دامەزراوەیەکی ڕۆحانی لە بابەتەکە نارِوانێت، تەنانەت وەک ئەندامێکی حیزبێکیش لێکدانەوەی بۆ بابەتەکە نییە، چ جای نووسینی وەها بیرکردنەوەیەکی سانا و دوور لە تێڕامان. نموونەکەی لە نائەکادیمی بوون و تێنەگەشتندا لەوە دەچێت، بڵێین: کەس بۆی نییە ببێتە مامۆستای زانکۆ، مەگەر ئەوەی ببێتە قوتابی و خۆی خوێندەوار بکات و پلەکان ببڕێت لە ژێر دەستی مامۆستاکانیدا، ئەوسا دەتوانێت وەک مامۆستا بناسرێت. بۆ ئەوەی کەسێک وەک ڕۆحانی لێیبڕوانرێت دەبێت پلەی ڕۆحانی ببڕێت و ئەمە شتێکی بەدیهییە. ڕۆحانیبوونی ناو سۆفیزمیش پەیوەندی بە پلە کۆمەڵایەتییەکەوە نییە وەک برونسن باسی دەکات، بەڵکو ئەزموونێکی خودییە و پەیوەندی بە چرکەساتی خەبەربوونەوە و بەهۆشهاتنەوەوە هەیە، واتە تێگەیشتن لەم دنیایە کە فانییە و مرۆڤ مەرگاوەرە، بۆیە دەبێت بگاتەوە بە هەرمان و دۆخی سەرەتای خۆی پێش دروستبوونی باوە ئادەم.

بۆ وردی ئەم بابەتە دەبێت خوێنەر بچێتەوە سەر دە نامە عیرفانییەکەی سوهرەوەردی کە لە هەر نامەیەکدا دۆخێکی ڕوونکردۆتەوە، چۆن کەسێک هۆشیار دەبێتەوە و تێدەگات جەستەی زیندانە، ڕۆحی سەر بە جیهانی مەلەکووتە، چۆن کەسێک بیەوێت پەی بە ڕاستەقینەی بوون ببات دەبێت مامۆستایەکی هەبێت، ئەو مامۆستایە لە یەک کاتدا دوو جۆر وانە دەڵێتەوە، یەکێکیان بۆ کاڵفامان و ئەهلی قالوقیلە کە مەبەست لە تیۆرزانەکانە، ئەوی دیکەیان ئەهلی حاڵە و تێگەیشتن و درککردنە.

## ٣-٣- بەدواداچوون و خەوشی گشتاندن

یەکێکی دیکە لە خەسارناسی کارەکەی برونسن ئەوەیە، بە وەرگرتنی نموونەی شاز، بڕیار لە سەر کۆی پرۆسەکە دەدات، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێگەوەی کە گرتوویە بەر بۆ باسەکەی کە بەدواداچوونە، چەند نموونەیەکی کەمی وەرگرتووە و گشتاندوویەتی و وەک ئەنجامی گشتی لە بارەی ڕێبازە سۆفیزمەکانەوە خستونییەتە ڕوو. یەکێک لەو گشتاندنانە خۆبەخودازانینە و لە بارەیەوە دواین. یا لە باسی سەیدەکاندا، بە وەرگرتنی نمونەیەک لە مهاباد کۆی زانیارییەکانی دەگشتێنێت و ئاوا پێناسەی سەیدەکان دەکات:

> کەسانێکی زۆر لە ناو کورد دا هەن، کە بنەچەی خۆیان دەبەنەوە سەر محەمەد و خۆیان بەسەیید یاخود سادات لەقەڵەم دەدەن و بە گشتی کەم توانا و بوغزێنراو و لەوتێنراون. بۆیە دەبوغزێنرێن، چونکە تاکە سەرمایەیان بانگەشەی ئەو بنەچەیەیە و لەوە زێتر هیچ شک نابەن و گومانیش لە ڕاستی دەکرێت و هیچ ڕێزێکیان بۆ مسۆگەر ناکات و دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەوە، دەستکەوتی مادی بچننەوە (برونسن، ١٩٩٩: ١٠٢).

لێرەدا وێڕای لێڵی سەرچاوەکەی و نەدانی زانیاری ورد لە بارەی ئەو کەسەی بۆی باس کردووە، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە: باسکردنی سادات لە پێناو نیشاندانی چینی خوارەوەی کۆمەڵدایە؟ ئەگەر وایە لەوێدا شوێنی نییە، چونکە باسی سادات دەکەیت وەک سەرکردە، ئەگەریش باسەکە هی شێخانێکە کە خۆیان بە سادات دەزانن، ئەوە کۆی زانیارییەکان هەڵە و قسەی پوچی خۆکردن، چونکە شێخێک کە بنەچەی سادات بێت، دەسەڵاتدارو تەکێدارە و ئەم ناساندنەی برونسن نایگرێتەوە.

## ٤-٣- لێڵی سەرچاوەکان:

ئەو زانیاریانەی ڕاست و مێژووین، ئاماژە بە ناوی کتێب، سەرچاوە، کەسی بینراو بنەماڵەکەی دەکات، ئەوانەشی کە ئاخنیونییەتە ناو باسەکەیەوە و زیاتر هەڵهێنجانی خودیین، وەک مەتەڵۆک و نووسینەوەی ئەدەبی زارەکی دەڵێت: «پیاوێك، یەكێك، شێخێك» بۆی باسکردم. ئەمە هەمان کێشەی «ئەدمۆنس»یشە، کە دواتر نموونەی لێدەهێنینەوە. لەو زانیاریانەی لە بارەی ساداتەوەی دەڵێت:

یەکێک لەو سەیدانە دیتم سەر بە تایەفەی مەولەوییە و نەوەی سەید ئەحمەد ناوێکە، دواجار باسی ئەوە دەکات چۆن کچێکی ڕەدووخستووە. بێگومان ئەگەر نمونەیەکی وا هەبێت، کە گومان لە بوونی دەکرێت لەبەرناڕوونی سەرچاوەکەی، ئەوا مانای گشتاندن نییە، وەک چۆن سەدان نمونەیە باش و گرینگ هەن، ئەو هەر بەلایشیدا ناچێت، چونکە لەبەرژوەندی باسە پێشوەخت بڕیارلە سەر دراوەکەی نییە. لە باسی ڕەچەڵەکی تەریقەتەکاندا، دیسانەوە قسەیەکی زارەکی بێبنەماو ناڕوون و لێڵی وەرگرتووە، لە دوورە لە ئەکادیمیبوون و ناسینی سۆفیزمەوە: «شێخێکی قادریی دیکە، جوداوازی تەریقەتەکان و چوار خەلیەکەی ئاوها بۆ لێکدامەوە»... (برونسن، ۱۹۹۹: ۱۲۲).

کام شێخ؟ ئاستی زانیاری چەند بوون، بۆ زانیارەکانی پشتڕاست نەکردۆتەوە؟ ئەمانە پرسیارگەلیکن دەبوایە لە توێژینەوەکەدا وەڵام درابانایەوە. وێڕای زانیارییە کاڵ و وەرگیراوەکان، بابەتەکە وەک ڕێپۆتاژنووسین کەوتۆتەوە، نەک بابەتێکی ئەکادیمی پێشکەشکراو بە زانکۆیەك. چونکە لە ناو تەسەوفی کوردانەدا گەلێک سەرچاوەی بە پێز و گرنگ هەن، شێخانێکی زۆری خوێندەواریش کە دەکرا ڕوو لە وان بکرێت بۆ ڕاستەقینەی تەسەوف، نەک وتەی شێخێک بکرێت بە سەرچاوە کە لە ڕاستیدا ئێمە نازانین شێخی کوێیە، پلەکەی چۆنە، زانیارییەکانی تا چ ئاستێکن، یان نەخێر ئایا هەر بە ڕاستی شێخی ناو سۆفیزمە؟

لەو ڕوانگەوەی زۆرینەی ڕۆژهەڵاتناسەکان کارلێکەری یەکن و بۆچوونەکانی یەکتری دووبارە دەکەنەوە، سەرەتاکەیان بۆ مستەر ڕیچ دەگەڕێتەوە، پاشان مێجەرسۆن، جۆن ئیدمۆنس دواتریش دەبنە سەرچاوە بۆ توێژەرە کوردەکان؛ هەرگیز پرسیار ناکەن لە ڕاستی و دروستی نووسراوەکانیان و لە زانکۆکاندا وەک پرۆگرامی خوێندن دەخوێنرێن و ئەوانەشی کار لە سەر ئەدەبیاتی تەسەوف دەکەن، پشتی پێدەبەستن. بۆ نموونە ڕووداوەکانی ساڵی ۱۸۲۰ کە ڕیچ لە سلێمانی بووە، بەشێکی زۆری بە ناوی کوردەوە باس کردووە، بەڵام سەبارەت بە ڕووداوەکانی هەڵهاتنی مەولانا خالید ئەویش بە قسەوقسەڵۆک باسی دەکات، دواتر ئەم زانیاریانە سۆن سوودیان لێوەردەگرێت، دوایی لای ئەدمۆنس دەگەنە ئەوپەڕی بەتاڵی و بۆهەڵبەستن بە ناوی سۆفییەک وتی، پیاوێک بۆی گێڕامەوە دەڵێت: «یەکێک لە موریدەکانی نەقشبەندی بە ڕاشکاوی پێی گوتم: دەبێت بزانیت ڕووداوەکە تەواو پێچەوانەی ئەوە بووە، شێخ مارف دوژمنی شێخ مەولانا خالید بووە» (ئیدمۆنس،۲۰۰٤: ۱۱) پێچەوانەکردنەوەی قسەو قسەڵۆکەی ڕیچە لێرەدا، چونکە ئیدی سۆن و ئیدمۆنس پێویستیان بە دروستکردنی مێژوویەکی دیکە.

ئەم نموونەیە بۆ ئەوە بوو، تا ڕەوتی کارکردنی ئەو زنجیرە نووسەرە بزانین کە بەشێکی باسی تەسەوفی کوردییان کردووە و ئاماژەیان بە سەرۆکەکانیان داوە، بە گشتیش هەر لە ڕیچەوە تا سۆن و ئەدمۆنس و برونسنیش وێڕای قسەو باسەکانیان مەیلانی ڕێبازی نەقشبەندین، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە

کە پێیان وایە مەولانا خالید لە سەر ڕاسپاردەی ئینگلیز تەریقەتی نەقشبەندی هێنایە ناوچەکە، هەر لە هیندستانیش وانەی تایبەتی وەرگرت، کە ئەو کاتە ئینگلیز بەڕێوەی دەبرد. بۆیە ئاساییە کە ئەو مەیلە بۆ ئەو ڕێبازە هەبێت، بەڵام ئاسایی نییە لەو دەمەدا کە تووشی دژایەتی دەبن و دەگەڕێنەوە سەر نەشارەزایی؛ بۆ نموونە لەم کتێبەکەدا (*ئاغا و شێخ و دەوڵەت*) کە تەریقەکە بەوە وەسف دەکات: «کە لە ڕووی شیرازەوە لە مافیا دەچێت» یان شیخ عوسمانی دووڕووە بەوە ناوزەد دەکات کە لەگەڵ شای ئێرانە و سەرچاوەی بژێوی خۆی و خانەقای لە لایەن ئەوەوە دابین دەکرێت (برونسن ، ١٩٩٩: ١١٢).

## ٥-٣- زانیاری هەڵە

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی زانستی ئەوەیە، کە زانیارییەکانیان ڕاست و ڕەوان و بابەتییانەبن. دوور لە پێودانگە کەسییەکان و بڕوای پیشوەخت بڕیارلە سەردراوی نووسەر. بەڵام زۆر جاران ڕێکەوتووە هەر یەک لەو نوسەرانەی کە باسی تەسەوفی کوردستانیان کردووە، زۆرینەشیان ڕۆژئاواییین، کەوتوونەتە هەڵەی زەقەوە و زانیاری هەڵەیان داوە، ئەمەش پەیوەندی بەو خاڵەی پێشووترەوە هەیە کە باسمان کرد، پشت بە قسەی خەڵکانی ئاسایی نەناسراو دەبەستن، کنە و پشکنی ورد ناکەن، بە یەک چاو تەماشای هەموو بازنە گەورەکە دەکەن؛ بۆ نموونە شتێک لە شارێکی چکۆلەی باکوری کوردستان یان لە مهابادی ڕۆژهەڵات دەبینێت، دەیگشتێنێت بۆ هەموو سۆفیگەری، لە کاتێکدا ئەمە هەڵەیەکی کوشندەی ناو توێژینەوەی زانستییە. بۆ نموونە نوسەر لە بارەی تەریقەتی قادرییە دەنووسێت: «..ئەو دوو خانەوادەیە (بەرزنجی و نەهری) ڕێبەرایەتی تاقە تەریقەتی دەروێشیی ئەو دەمی کوردستانیشیان دەکرد. ئەوە بوو لە شارەکاندا هێدی هێدی تەریقەت بەرەو کزیی و کەنەفتی و پووکانەوە دەچوو، دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ تەریقەتی قادری ئیدی نێوی نەما و دەنگی بڕا» (برونسن، ١٩٩٩: ١٣٤).

ئەم قسە لەپێناوی ئەوەدا ئەکات تا باس لە گەشەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی بکات کە بێ گومان سنوورەکەی سلێمانییە. بەڵام ئەگەر بچینەوە سەر مێژوو دەبینین تەریقەتی قادری لەو مێژووەدا لەوپەڕی گەشەی خۆیدایە لە شاری سلێمانی بەهۆی شێخ مارفی نۆدێ و کاک ئەحمەدی شێخەوە، مەولانا خالیدیش (١٩٧٩-١٨٢٧) بە نوێکەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندی دادەنرێت، ئەو مێژووەدا تەمەنی تەنیا یانزە ساڵە و لە خوێندندا سوختەیە هەر لە شاری سلێمانی. ئەو ساڵانەی کە ئەو باسی دەکات، تەریقەتی قادری لەوپەڕی گەرموگوڕی خۆیدایە، تەنانەت تا هاتنی ئینگلیزیش

ئەو گوڕە هەر مابوو ڕەنگە تاکو ئێستاش، ئەوەتا ئەحمەد خواجە سەبارەت بە دەمی حاکمێتی ئینگلیز لە شاری سلێمانی دا دەڵێت:

هەر لەو سەردەمەدا لە نێو سلێمانی دا باوی دەروێشی داهاتبوو، ژمارەیەکی زۆر لە دەروێشەکان لە ناو کۆڵان و مزگەوتەکانی سلێمانی دا بڵاوببونەوە و بنکەیەکیان لە گەڕەکی سەرشەقام دامەزراند بوو، ئەم مەسەلەیەش لە لایەکی دیکەوە ئینگلیزەکانی خستبووە ئەندێشەوە (خواجە: ١٩٦٨، ٧٤).

نیکیتینش پێی وایە (تا دەمی نووسینی کتێبەکەی) لە ئێستادا لە نیوان خێڵەکانی کورد، تەریقەتی قادری بەها و ڕەواجێکی فرەی هەیە، ئەمەش ڕەنگە بەو هۆیەوە بیت کە خودی شێخ عەبدولقادر گەیلانی لە ڕەچەلەکی کوردەکان بووە (نیکیتن، ١٣٧٨: ٤٢٠). ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ١٨٠٠دا تەریقەتی قادری لە لایەن هەردوو باوک و کوڕەوە لە شاری سلێمانی سەرپەرشتی دەکرا، ئەو سیمایەی ئەو باسی دەکات دوورە لە ڕاستەقینەوە (شێخەکان خەریکی سامان کۆکردنەوەن) چونکە هەموو سەرچاوەکان باس لە دانایی شێخ مارف دەکەن وەک زانایەکی خاوەن پایەی زاهیدی دوور لە باقوبرقی دنیا کە هەر لە شەستەکانی تەمەنیدا گۆشەگیر دەبیت بۆ زانست و نووسین و کاک ئەحمەد تەریقەتەکە دەباتە ئەو پەڕی لوتکە.

لەم بارەیەوە مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس سەبارەت بە کاک ئەحمەدی شێخ دەڵێت: «پاش کۆچیی دوایی باوکی، ئیتر گیانی خۆی وەقفی خزمەتی موسوڵمانان ئەکات و بە هەموو جۆرێ خەریکی دەرسوتنەوە و ئیرشاد دەبێت بە جۆرێ کە وێنەی لە چەرخی خۆیدا نەبووە» (مودەڕیس، ١٩٨٤: ٣٤٩). جگە لەوەی کۆی ئەو بەشەی لە بارەی تەسەوفەوە، ئەو مانایە دەدات بە دەستەوە، کە شێخەکان هەڵپەی دەسەڵاتی خۆیانیانە لە سەر پشتی دەروێشی ڕەشۆکی و نەزان، دەیانەویت پلە خوداوەندی بۆ خۆیان پەیدا بکەن. لە کاتێکدا بەو پێیەی تەریقەتی قادری لە سلێمانی و دەوروبەری شیخ مارف و کاک ئەحمەدی شیخ ڕابەرین و دواتر دەپەڕێتەوە بۆ تەریقەتی قەرەچێواری و کەسنەزانی و تاڵەبانی و سۆڵەیی و لقەکانی دیکە، شێخەکانیان ڕەمزی نەتەوەخواز، هەژاریی، دانایی و حەکیمی بوون؛ بۆ نموونە نوسەران لە بارەی شێخ مارفی نۆدییەوە دەڵێن: «دەروێشێکی سۆفی تەبعی کەنارگیر و هۆگری تەنیایی و ئەویینداری کتێب، خوێندن و زانست بووە و سوپاسگوزار بووە بەوەی کە هەیەتی، کەمتر هاتوچۆی قەڵاچوالانی دەکرد هیچ کاتێک ئامادەی ئەوە نەبووە سەردانی دەسڕۆ و دەسەڵاتدارەکان بکات» (بەرزنجی، ٢٠١٥: ٣٦).

بڕۆنسن لە باسی حاڵ و جەزبەدا، زانیاری هەڵدەدات، ڕابەرانی تەریقەتەکە بە نزم و سووک باس دەکات؛ بۆ وێنە ئەو یەک شێخی دواندووە و چۆنە تەکیەیەک لەوێوە باسی حاڵ و تێغبازی دەکات و شێخەکە بەوە تاوانبار دەکات کە حەزی لە باسوخواسی تیاترۆخانەکانە، ئەمە هەمان شتە کە

ڕیچیش سەبارەت بە لادەری میرەکان والییەکان باسی کردبوو، کە نوێژ تەنیا بە ڕواڵەت دەکەن و خەریکی مەیخواردنەوەن و بۆنی مەی لە ژوورەکەیان هاتووە، هەموو ئەوانەش خەیاڵ و بیرکردنەوە و شیمانە و گریمانەن، بەڵام باسەکانیان پێ ڕازاوەتەوە، ئەگەر بە چاوی خۆیان دیبایان باسیان دەکرد، بەڵام بەهۆی دەربڕینی سۆزدارانە و نابابەتییەوە شتەکان ڕوون دەکەنەوە. ئەمە ئەگەرچی نازانستییە بەڵام نابێتە کەمایەسی بۆ میرەکان و ئەگەر واش بێت ئەوان بە ناوی خودا و عیرفانەوە دەوڵەت بەڕێوە نابەن. بۆ نموونە ڕیچ دەنووسێت: «ئەمڕۆ بردیانینە ژوورەکەی والییەوە....هەر کە دەرگاکانیان بۆ کردینەوە بۆنێکی خەستی مەی لێ بڵاوبووەوە. لە سەر ڕەفەکانیش هەندێ شوشە و پەرداخمان بینین، کە بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرا بوون بۆ ئەوەی بزانین خان لەو موسوڵمانە توندانە نەبوو، کە پابەندی ئایینیان بن. ئەم جێگایەشی بە تایبەتی بۆ ڕابواردنە نهێنییەکانی تەرخان کردووە» (ڕیچ، ٢٠٠٢: ٢٠٤).

برونسن لە باسی حاڵدا دەڵێت: لە شێخێکم پرسی کە هەمان کێشەی بێ ناسنامەیی و زانیاری لە خۆوەیی ئەم شێخە ڕەچەڵەکەکەی کێیە؟ تەمەنی چەندە؟ جێگەداری کێیە؟ ناسنامەی چییە؟ ئاستی خوێندەواری چۆنە؟ هیچیان دیار نین، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاماڵینی بەها و گاڵتەجاڕی باسی ئەوە دەکات، ئەو شێخە بریسکەی چاوی ئەهریمەنانە بووە و کۆی پرۆسەی حاڵی هەر بۆ گرینگ نەبووە، بەڵکو شەیدای باسو خواسی تیاترۆخانەکانی شەوانەی فەڕەنسا و هۆڵەندا بووە. ئەگەر دەقەکە وەک خۆی وەربگرین باشتر مەبەستەکە ڕوون دەبێتەوە:

> لە شێخێکم (قادری) پرسی بۆچ مورێدیەکانی ئاوها خۆ بە زرک دەسمن؟ وەرامی دامەوە: ئەو کارە خۆی لە خۆیدا گەیشتن بە بارودۆخێک پیشاندەدات کە حاڵی پیدەڵێن و کە کەس پێیدەگات. لە سەری ڕۆیشت و گوتی کوایە ئەو خۆی قەت نەگەیشتۆتە ئەو حاڵە، کە بەرەکەت و میهرەبانییەکی تایبەتی خوداییە. ئەوەی دەگوت و لە چاوانیدا تروسکەی هەستێکی ئەهریمەنانە دەبریسایەوە) پێنەدەچوو ئەو (فەیز و بەرەکە خوداییە) بەهێند بگرێت. هەتا حەزی بەوەش نەدەکرد دەمەتەقێی لە بارەوە بکات، زێتر شەیدا و سەوداسەری باس و خواس و هەواڵی تیاترۆخانەکانی شەوانەی فەرەنسا و هۆڵەندا بوو. واتێگەیشتم مەبەستی ئەوە بێت، کە ئەوە خواستێکی خوداییە و ناچاری پەلاماردانە شمشێر و زرگیان دەکات (برونسن، ١٩٩٩: ١٧٠).

دیسانەوە سەبارەت بە حاڵ، کە پەیوەستی دەکاتەوە بە تێغبازییەوە، جەزبەی قووڵەوە لە باسی دەروێشەکانی سووریا و ئەمانەی ئێرەدا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە گوایە ئەوانەی زەرگ لە خۆیان دەدەن، قەرەبووی هەژاری و چینایەتی خۆیان دەکەنەوە کە لە کۆمەڵگادا بە کەم تەماشا دەکرێن، هەروەها هەڵهێنجانێکی دیکە دەکات ئەویش ئەوەیە، ئەمانە کە ئەو حاڵە دەگرن، ڕەنگە لە بنەڕەتدا

پەرکەم و فێیان لەگەڵ بێت، دۆخی پەرکەم و حاڵ لەیەک نزیکن؛ بۆیە دەروێشەکان بەزەییان دێتەوە بەو کەسانەی کە پەرکەمیان لەگەڵە.

ئەگەر نوسەر ئاگای لە بنەماکانی تەسەوف بێت کە نموونەکانی ئەو شاری مهابادە و لەو دەمەدا شێخی حازری لێ نییە و خەلیفە بەڕێوەی دەبات، سەرچاوەی تەریقەتی قادری لە باشوری کوردستانە، ئەوا دەزانێت یەکیک لە بنەماکانی تەسەوف سۆز و بەزەیی و میهرەبانییە، لەگەڵ مەردایەتی و دۆستایەتیدا، بۆیە هیچ شتێکی نامۆ نییە سۆفییەکان بەزەییان بە هەر تاکێکی ناو کۆمەڵدا بێتەوە و ئەوە پەیوەندی بە حاڵەوە نییە، سیفاتی جوامیرانەی کەسی سۆفییە و مەرجە تێیدا بێت. شێخ ئەبوولحەسەن خەرەقانی دەفەرموویێت: جوامێری دەریایەکە و سێ سەرچاوەی هەن: یەکەم سەخاوەت و دڵاوایی، دووەم شەفەقەت و دلۆڤانی، سێیەم بێ‌نیازی لە خەڵک و نیازمەندیی خالق (بقلی شیرازی، ۱۳۸۷: ٥٢٦). نوسەر بەهۆی ڕواڵتگەراییەوە کەوتۆتە ئەو هەڵەیەوە دەڵێت:

> جا هەر بە ڕاستی ڕەنگە برێک لەو دەروێشانە پەرکەم و فێیان لەگەڵ بێت و بێ تواناییان لە کۆنترۆڵکردنی لەشیاندا، لە خەوشێکی بیۆلۆژییەوە بیت. زۆربەیان فێربوون زوو جەزبە دەیانگرێت. ڕەفتاریان لەو کاتەدا لە ڕەفتاری پەرکەمگرتوویەک دەچێت. ڕەنگە بەهۆی لێکچوونی ئەو دوو حاڵەتە جوداوازەوە بێت، کە ئیمانداران و دەروێشەکان زۆر میهرەبانانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەن کە پەرکەمیان لەگەڵە (برونسن، ۱۹۹۹: ١٧٤).

نوسەر بەدەر لە هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی حاڵ و سەما و جەزبە دەکەن، تەنیا ئەگەر چاوی بە بەرهەمەکانی سوهرەوەردیدا بگێڕایە دەیزانی حاڵ لە بنەڕەت دا چییە و مەرامی سۆفییەکان چۆنە، ئەو لە نامەی دۆخی منداڵێتیدا دەڵێت:

> بە شێخم گوت کە سەماکرد بۆ چییە؟ شێخ گوتی: گیان نیازی باڵاچوون و بەرزبوونەوەی هەیە، هەر وەک مەلێک کە بیەوێت خۆی لە قەفەس بێنێتە دەر. قەفەسی جەستە ڕێگر دەبێت و مەلی گیان هێز دەکات و پاڵ بە قەفەسی جەستەوە دەنێت و لە جێی خۆی دەیبزوێنێت. ئەگەر مەل هێزی زۆر مەزنی هەبوایە، قەفەسەکەی دەشکاند و باڵەفڕ دەبوو کە ئەو هێزەی نییە، ئاوا سەر سووڕ دەدات و لەگەڵ خۆیدا قەفەسەکەشی دەخولێنێتەوە. دیسان لەم میانەیەدا ئەو مانایە باڵادەست دەبێت و دێتە پێشەوە کە مەلی گیان لەگەڵ خۆیدا بەرێت. هەڵیدەبڕێت و تەنیا بستێک دەتوانێت بەرەو باڵای بەرێت، لەگەڵ خۆیدا بیبات و دیسان قەفەسەکە بە زەویدا دەکێشێتەوە (سوهرەوەردی، ب۲: ۲۹۰).

### ٦-٣- زمانی نازانستی و لایەنگرانە

نوسەر لە کارەکەیدا توشی لادانی زانستی بووە، هەندێک جار وەک واعیز و مەلا و چارەساز قسە دەکات، هەندێک جاریش وەک زانایەکی بێ‌خەبەر لە مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خاوەن ئاگایی و نائاگایی و مەیلدار لە لای ئاییندا، هەر بۆیە کاڵوکرچی تێڕوانینەکانی بەرامبەر

بە مرۆڤ و کۆمەڵ و ئایین و ئەفسانە دەردەکەون. کاتێک باسی سەردانی شوێنکەوتوانی تەریقەتەکان دەکات: وەک قەشەیەک دەدوێت و حوکم دەکات: «..با پاش مردنیشیان خەڵکی بچنە سەر مەزاریان، مەسەلەکە زیاتر گوزارە لە شێوازێکی خوداپەرستی بێ کاکڵ و بێ ئاکام دەکات (برونسن: ١٣٣). لە باسی کەرامات و بابەتە عەقیدەییەکاندا، چەندین جار وشەی گوایە بەکاردێنێت، وەک گاڵتەپێکردن و لە سەرەتادا بە درۆزانین باسەکە ڕوون دەکاتە: «ئەو مەرجەی کە گوایە بەرەکەتی خودایی، تەنها لە ڕێگەی شێخەوە دەگات، پیوستی بەبەڵگەیەک هەیە، بیسەلمێنێت، گوایە ئەو شێخە بە ڕاستی لە هەڵبژاردە نێزیکەکانی خودایە و ... (برونسن، ١٩٩٩: ١١٩).

ئەوەی گرینگە بۆ ئێمە لەو بەشەیدا کە پەیوەستە بە سۆفیزمەوە، کتێبەکە کاڵوکرچ و بێبنەمایە، چەندێک نووسەر ویستوویەتی بابەتەکە وەک گاڵتەجاڕی یان وەک شتێکی ڕەشۆکی خوازی بێئاگا نیشان بدات و بە مەبەست وەک خۆی دەڵێت: ڕووی دووەمی سۆفیزم بگرێت «ئەوەی پەیوەندی بە تەریقەتەکان و دابونەریتیانەوە هەبێت، دوو جۆری جوداوازن، داب و نەریتێکی باڵا و نەریتێکی میللیانە یاخود ڕەشۆکییانە» چونکە بۆ توێژینەوەکەی لە بارە. بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بێت، مەولانا خالید چەندێک بۆ ئەو لەبەردڵانە کەچی خستویەتییەوە ناو ڕەشۆکی خوازەوە و نەشیویستوە بە لای کاک ئەحمەدی شێخدا بچێت. لە لایەکی ترەوە، بەو هەموو بڕوایەی خۆی بۆ بابەتی کەرامات و بە فڕوفێڵزانینی، کەچی کەوتۆتە ژێر کاریگەری کەراماتێکی شێخ عوسمانی سیراجەدینەوە کە بێگومان کەراماتی ئەو وەک هی شێخەکانی دیکە جێی بڕوای ئەهلی تەسەوفە و خەریکە دەیسەلمێنێت ئەوەی ڕووی داوە لە ڕووی مێژووییەوە تەواوە و مێژووی ڕووداوی بڕانی کارەبای تاران، پەیوەستە بە کەرامانی شێخ عوسمانەوە؛ ئەمەش دژی بۆچوونەکانی پێشووی خۆیەتی.

ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، لێرەدا خۆی ماوەیەکی زۆر لای شیخ عوسمان ماوەتەوە، بە چاوی خۆی شتەکانی دیوە، بەڵام سەبارەت بە باسەکانی دیکە یان لە زاری ڕەشۆکییەوە وەریگرتووە، یان شوێنکەوتەی ئیدمۆنز و سۆن و ئەوانی دیکە، بە بڕیاری پێشوەختە قادری ڕەت دەکاتەوە و لاقرتێی پێدەکات، بەڵام هەر ئەو قسانە کە لە زاری ڕەشۆکی نەقشبەندییەوەن، لە بەردڵییەتی و ڕووی نەرێنیی بۆ دەخەنە ڕوو. سەبارەت بە دوو کەراماتی شێخ عوسمان، لە زاری سۆفییەکەوە دانەیەک باس دەکات و زۆر پێی سەرسامە و لەگەڵ ڕاستیدا دەیگونجێنێت:

> بۆی گێڕامەوە بەر لە سێ ساڵ شێخ دەچێتە دیدەنیی شا (ڕاستی دەکر، چونکە پاشان سۆراغم کرد، وا دەرچوو) لە ژووری میوانداری شادا، گشت ئەو کورسیانەی بۆ میوان تەرخان کرابوون، کارەبایان پیوە بوو، بۆ ئەوەی هەر کەس نیازی خراپە و دەستکێشانە گیانی شای هەبیت، شا دەستپیشکەریی بکات و خێرا بیکوژێت، ئەویش بە داگیرساندنی دوگمەیەکی کارەبایی کە بە دەسکی کورسییەکەیەوە بووە. شێخ ویستویەتی توانای خۆی پێشانی شا بدات. هەر لەگەڵ لە سەر کورسییەکەی دادەنیشیت، پەرچوویەک

دەنوێنێت، کارەبای هەمموو تاران دەکوژێنێتەوە. تەکنیکییەکان چەندە هەوڵدەدەن تا بزانن هۆی کوژانەوەی چییە، پەی پێنابەن. پاش چەند سەعاتێک شێخ بۆ شا پێدەکەنێت و هەندەک شتی گونجاو دەربارەی دەسەڵات و توانای ئیزدان و بەندەی دەڵێت و کارەباکەش دادەگیرسێنێتەوە. ئەو جا شا هەست دەکات کە شێخ عوسمان یەکێکە لە پیاوچاکە نورانییە زیندووە مەزنەکان و ئیدی هەمموو ساڵ دەچێتە دیداری. پاشتر لە تارانییەکم بیست کە ڕاستە و بەر لە سێ ساڵ بی هیچ هۆیەکی ئاشکر کارەبا کوژاوەتەوە و بە ئاکامی ئاژاوە و خرابەکارییەک لە قەڵەم دراوە. چونکە کەمتازۆر ڕێکەوتی سەردانی شێخی کردووە، هەندەک موردی هەردووک پێشهاتەکەیان پێکەوە بەستۆتەوە. ئەمە نموونەی ڕووداوێکی کلاسیکیانەیە، ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دنایی، بەرامبەر هیزایی ئێزدانیی بەرجەستە دەکات (برونسن، ۱۹۹۹: ۲۰۰).

ئەم کەرامەتە لەو ڕوانگەوەی خۆی بە دڵییەتی بە ڕاست دەگەڕێنێت، بەڵام ئەوانی دیکە بە درۆ و گاڵتەجاڕی.

## ٤- ئەنجام

زۆرینەی ئەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواییانەی کاریان لە سەر تەریقەتەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری کردووە، لە چوارچێوەی بابەتی کۆمەڵناسیی و سەرژمێری ڕەوت و ڕێبازو و ئایین و ئایینزاکانەوە بووە و لە ڕواڵەت و بڕیاری پێشوەختەوە بووە، بەڵام لەو ڕوانگەوەی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان هەمیشە چاویان لە دەست و دەمی ڕۆژئاواوەیە، بۆیە زۆرێک لە توێژەرەکانیان دەقەکانی ئەوان بە حەقیقەتی ڕاستەقینە دەزانن، لە کاتێکدا ئیدی کاتی ئەوەیە بە گومانەوە تەماشایان بکەین و پیداچوونەوەیان بۆ بکەین. کتێبی *ئاغا و شێخ و دەوڵەت* یەکێکە لەو کتێبانەی کە گەلیک کەموکورتی لە بارەی ڕێبازەکانی تەسەوفەوە تێیدایە، بە تایبەت تەسەوفی ناو کوردەواری، ئەمەش بەو هۆیەوەیە، کارەکە ئەکادیمی و مەیدانی نییە، تەنیا وەرگرتنی زارەکییە لە کەسانی سادە و سانای ناو کۆمەڵ، ئەنجامگیرییە لە سەر نموونەی شاناز و ناباو و گشتاندنی بۆ هەمموو تەسەوف. هەر ئەوەشە وەهای کردووە، تەسەوفناسی ئەو لەو بەرهەمەدا، نازانستی، ناواقیعی، ناڕۆحی، ناکۆمەڵایەتی بێت، وەک توێژینەوەش هەڵەی مێژوویی، هەڵەی زانستی توێژینەوە و لانەگری و مەبەستداری پێوەدیار بێت.

## سەرچاوەکان

### ئەلف. کوردی:

ئەحمەد، موحسین عومەر (١٤٠٢) «کودۆلۆژی وەک گوتارێکی ڕۆژئاوایی»، *پژوهشنامه ادبیات کردی*، ژ. ١٦، لل. ٣٤٢-٢٩٧.

ئیدمۆنس، سیسیل جان (٢٠٠٤) *کورد تورک عەرەب*، حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، هەولێر: ئاوێر.

ئیزەدی، میهرداد (٢٠٠٧) *چەردەیەک لە بارەی کوردانەوە*، ئەمین شوان، چاپی یەکەم، سلێمانی: سەردەم.
برونسن مارتین ڤان (١٩٩٩) *ئاغا و شێخ و دەوڵەت*، کوردۆ عەلی، چاپی دووەم، سلێمانی: سەردەم.
بەرزنجی: شێخ یەحیا (٢٠١٥) *تەسەوف و ڕەوتی نیشتمانی*، چاپی یەکەم، هەولێر: ڕۆژهەڵات.
پیرباڵ، فەرهاد (٢٠٠٦) *کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە*، چاپی یەکەم، هەولێر: ئاراس.
پێنجوێنی، مەلا ئەحمەدی قازی (١٣٩١) *خەزنەی جەواهێر*، چاپی یەکەم، سنندج: شیخی.
حاجی، مەلائەمین، جەلال (٢٠١٥) *ئەفسانە و ئایین و زانست*، چاپی یەکەم، سلێمانی:ماڵی سوهرەوەردی.
خواجە، ئەحمەد (١٩٦٨) *چیم دی*، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغداد: شەفەق.
ڕیچ، کلۆدیۆس جیمس (٢٠٠٢) *گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان*، محەمەد حەمەباقی، چاپی سێیەم، هەولێر: ئاراس.
سوهرەوەردی (٢٠٢٢) *دە مرواریی دەریای ئەزەل*، هاوژین مەلائەمین، چاپی یەکەم، سلیمانی: ماڵی سوهرەوەردی.
شوان، ئیبراهیم (٢٠١٠) *فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی*، چاپی یەکەم، هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.
شیمیل، ئانا ماری (٢٠٢٠) *مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا*، زانا ناجی و خیوا مەحموود، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.
عەبدولکەریم، سەبوور (٢٠١٤) *ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی*، چاپی دووەم، سلێمانی: غەزەلنووس.
فریزەر (٢٠٢٠) *گەشتەکەی فریزەر بۆ کوردستان*، نەوزاد سالح رەفعەت، چاپی یەکەم، سلێمانی: پیرەمێرد.
کۆربین، هێنری (٢٠١٨) *مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی*، عومەر عەلی غەفوور، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمالی عیرفان.
کەسنەزانی؛ بوشرا- بەرزنجی؛ سەباح (٢٠٢٣) *فەرهەنگی پیران*، سلێمانی: سەردەم.
کامبڵ، جۆزێف (٢٠٠٨) *دەسەڵاتی ئەفسانە*، چاپی یەکەم، هەولێر: ئاراس.
مودەڕڕیس، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم (٢٠١٠) *بارانی ڕەحمەت (هۆنراوەیەکی ئایینی مێژوویی پەروەردەییە)*، سنە: کردستان.

مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم (١٩٨٤) *بنەماڵەی زانیاران*، محەمەمەدعەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، بەغداد: شەفیق.
مەلا، ئەحمەد (٢٠١٣) *مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا*، چاپی دووەم، سلێمانی: ئەندێشە.
هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٩) سۆفی و سۆفیگەریتی، چاپی دووەم، سلێمانی: چاودێر.

**ب. فارسی و عربی:**

اسپنسر، سیدنی (١٤٠٠) *عرفان در ادیان جهان*، محمدرضا عدلی، چاپ دوم، تهران: هرمس.
بدوی، عبدالرحمن (١٣٨٠) *تأریخ تصوف اسلامی از ابتدا تا پایان قرن دوم هجری*، محمودرضا افتخارزاده، چاپ اول، تهران: افراز.
بقلی شیرازی، روزبهان (١٣٨٧) *شرح شطحات*، قاسم میراخوری، چاپ اول، تهران: شفیعی.
بقلی شیرازی، روزبهان (٢٠٠٥) *مشرب الأرواح*، طبعة اولی، بیروت: دارالکتب العلمیة.
رضائی، عبدالعظیم (١٣٧٢) *اصل و نسب و دین‌های ایران باستان*، چاپ اول، تهران: موج.
کاشانی، عبدالرزاق (١٩٩٩) *معجم اصطلاحات صوفیه*، تحقیق: عبد العال شاهین، دارمنار.
ماسینیون و کراوس(١٣٦٧) *اخبار حلاج*، سیدحمید طبیبیان، چاپ اول، تهران: اطلاعات.
نیکیتن، واسیلی(١٣٧٨) *کرد و کردستان*، محمد قاضی، چاپ سوم، تهران: درایت.
همدانی، عین القضاة (١٣٩٨) *تمهیدات*، تحشیه و تعلیق عفیف عسیران، چاپ دوم، تهران: مولی.